

لەیەکێک لە کێلگە نەوتییەکانی عێراق ئاڵای مۆر هەڵکرا

کێلگەی نەوتی ڕۆژئاوای قەرنە لە پارێزگای بەسرە لە باشووری عێراق، ئاڵای بە ڕەنگی مۆر لە کێڵگەکەدا هەڵکرد.

ئاڵای مۆر ئاماژە بە تیشکی ژێر سوور کە مەترسیدارترین تیشکە بۆ مرۆق و کوشتنی خانە زیندووەکانی لەش دەکات، ئەمەش دوای ئەوەی پلەی گەرما 50 پلەی سیلیزی تێدەپەڕێنێت.

زۆرێک لە کۆمپانیا و کێڵگە نەوتییەکان ئاڵای هۆشداری بەرز دەکەنەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی کرێکاران و کارمەندان بۆ وەرگرتنی بەرزترین ئاستی ئاگاداری.